
کارەبای هەرێم پێشوازیی لە چالاکیی کاتژمێری زەوی دەکات



وەزارەتی کارەبای هەرێم رایدەگەیەنێت، پێشوازیی لە چالاکیی کاتژمێری زەوی دەکات

وەزارەتی کارەبای هەرێم رایدەگەیەنێت، دەستی پاراستن و چاککردنی ژینگە رایگەیاندووە لە کۆتا شەممەی مانگی ئادار، چالاکیی کاتژمێری زەوی، وەک چالاکییەکی جیهانی لە هەرێمی کوردستانیش بەرز رادەگیرێت و چالاکییەکە بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی خەڵک و پاراستنی ژینگەیە و ساڵانە لە زیاتر لە 100 وڵاتی جیهان بەشدار دەبێت.

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، وەزارەتی کارەبا بە پەداگیری لەسەر ئەرک و پلانی خۆی بۆ دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری لە چوارچێوەی پڕۆژەی رووناکی، ئەم چالاکییەی ژینگەپارێزان گرنگ دەنرخێنێت و هیوادارە ئەم جۆرە چالاکییانە ببنە هاندەر و هۆکارێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هەوومان بۆ بەکارهێنانی کارەبا بە شێوەیەکی تەندروست و ئابوورییانە، بە ئەوەی بتوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا کارەبای 24 کاتژمێری بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان دابینبکەین.